ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
80
25 ی ئازار/ مارس ی 2024



## قوتی خەڵک لە ململانێی سیاسیدا!

موحسین کەریم

ئەو هاوڵاتیانەی کوردستان کە مووچەو سەرچاوەی دابینکردنی ژیانیان لەلایەن حکومەتەوە دەستەبەردەکرێ، ماوەی ٦ مانگە ژیانیان لەنێوان ململانێی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەندا بە بارمتە گیراوەو مانەوەی فیزیکی ئەوان لەبەردەم هەڕەشەدایە. سەرەڕای ئەوە، بەشێکی دیکەی بەرچاوی خەڵکی کوردستان کە لەڕێگای مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو توێژە فراوانەی هاوڵاتیاندا ژیانی خۆیان مسۆگەر دەکەن، روبەروی هەمان دۆخی نالەباری ژیان بونەتەوە. بەوجۆرە دەکرێ بوترێ کە ژیان و گوزەرانی بەشی هەرەزۆری هاوڵاتیانی کوردستان کراوەتە بابەتی فشارو مامەڵەی سیاسی و دەستشکاندنەوەی هێزە میلیشیا دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و عێراق!

بەشێک لە سەرکردەکانی میلیشیا شێعە دەسەڵاتدارەکانی عێراق، سەبارەت بە مووچەو قوتی هاوڵاتیانی کوردستان، فرمێسکی تیمساحی دەرێژن و گوایە نایانەوێ و دژ بەوەن کە ژیانی خەڵک بکرێتە بابەتی ململانێی و کێشمەکێشی سیاسی نێوان هەرێم و ناوەند، بەڵام هاوکات هەر ئەوانن کە بەبیانوی جۆراوجۆر، بەمەبەستی فشاردانان لەسەر دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەتایبەتی پارتی کە خاوەنی سەرەکی حکومەتی هەرێمەو لەناو هاوکێشە سیاسی و ئەمنیەکانی ناوچەکەدا لەسەر بەرەی تورکیا حسابی بۆ دەکرێ، هەر رۆژەی بیانویەک بۆ نەناردنی بودجەو مووچە دەدۆزنەوە. ئەگەرچی ئەوان

بۆ لاپەڕە ٢

ئەگەر ئاڕاستەی نارەزایەتیەکانیان مەترسی لەسەر دەسەڵاتی ناوەند و هەرێم دروست نەکات، کێشەی مووچە لەجێگای خۆیدا دەمێنێتەوە!

## ناکۆکیەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی



عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣

## کۆمەڵگەی چینایەتی و ژێردەستەیی ژنان!



جەمال موحسین

بۆ لاپەڕە ٥

## شوراکان وەرچەرخانێکی نوێ لەمێژووی بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری لە کوردستان!



نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ٧

## ناکرێ بێدەنگ بین بەرامبەر کۆمەڵکوژیی خەڵکی غەززە!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٩

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی...... قوتی خەڵک لە ململانێی سیاسیدا!

وانیشان دەدەن کە بیانوەکەیان شەرعیەو بەشێکیش لە لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان و بگرە یەکێتی نیشتمانیش کە خۆی شەریکە دەسەڵاتی پارتیە، ئەو پاکانەیەی دەسەڵاتدارانی ناوەند رەواج پێدەدەن، بەڵام بۆچی دەبێت ئەوە شەرعی و رەوابێت کە بەهۆی ئەوەی لەناو لیستی مووچەخۆرانی هەرێمدا چەند هەزار بندیواری ئەحزابەکان هەیە، نانی سەدان هەزار مامۆستا و فەرمانبەر و خانەنشین و خاوەن پێدوایستی تایبەت و ... تاد. ببردرێت!؟ ئایا بەراستی حکومەتی ناوەند کارنامەی داراییەکەی ئەوەندە خاوێنە کە بواری ئەوەی تیانەبێ لەبەرخاتری ژیانی واقعی سەدان هەزار مووچەخۆری واقعی باجی بندیوارەکان قبول بکات!؟

گومان لەوەدا نیە کە لەوەتەی ئەو تاقمە میلیشیا ئیسلامیانە دەسەڵاتی عێراقیان بەدەستەوە گرتوە، ملیارەها دۆلاری داهاتی خەڵکی عێراقیان تاڵانکردووەو سەدان بەڵگە لەوبارەوە بڵاوبۆتەوە. بەپێی دانپێدانانی بەرهەم ساڵح لەساڵی ٢٠٢١دا کەسەرۆک کۆماری عێراق بوو، لەساڵی ٢٠٠٣ وە تا ئەوکاتە ١٥٠ملیار پارەی نەوت دزراوەو رەوانەی دەرەوەی عێراق کراوە. بەپێی راپۆرت دەزگای میدیایی (FORBS)کە کۆمپانیاکی میدیایی جیهانیەو تایبەتە بە چاودێریکردنی پرسەکانی چالاکی ئابوری و وەبەرهێنان و تەکنۆلۆژی و لیدەرشیپی و شیوازی ژیان.. عێراق لەلیستی وولاتە گەندەڵکارەکاندا پلەی سێیەمی هەیە! بەڵام ئێستا بەناوی شەفافیەت و وەستانەوە دژی گەندەڵی ژیانی سەدان هەزار مووچەخۆری کوردستانیان بەبارمتە گرتوە.

بەڵام پاکانەکانی پارتی بەوەی کە حکومەتی ناوەند لەرێگای بەبارمتەگرتنی مووچەو قوتی خەڵکی کوردستانەوە دەیەوێ هەرێم تەسلیم بکات و قەوارەی هەرێم لەناوبەرێت، بۆیە ئەوان ئامادەنین لەبەرخاتری مووچە قوربانی بە دەسکەوتێکی مێژوویی خەڵکی کوردستان؛ واتە حکومەتی هەرێم، بدەن، پروپاگەندەیەکی بۆش و ناوبەتاڵە. ئەوە راستە کە حکومەتی ناوەند و هێزە دەسەڵاتدارە شیعەکان، کە ئێستا دەسەڵاتی تەواوی دەوڵەتی عێراقیان بەدەستەوەیەو بەشێکن لە ئەجندای ئێران لەعێراق و ناوچەکەدا، دەیەوێ کۆتایی بەو دۆخە سیاسیەی کوردستان بهێنن و دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەموو عێراقدا بسەپێننەوە. ئەوان لەهەوڵی ئەوەدان کە ئەو ئیمتیازە سیاسیەی لە دوای روخانی سەدامەوە بە ناسیۆنالیزمی کورد درابوو، وەریبگرنەوە تا ئەو رادەیەی کە یەکێتی و پارتی تەنها پێگەی ئەنجومەنی تەشریعی و تەنفیزیەکەی سەردەمی سەدام و پۆستی پارێزگارەکانی شارەکانی هەرێمیان هەبێت. هەڵبەتە لەدوای ١٦ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ شەوە زۆریان لێوەرگرتونەتەوە! بەڵام بۆچی پارتی ئەو قومارە بە قوتی خەڵکی کوردستانەوە دەکات؟ بۆچی لەجیاتی ئەوەی دەست بەرێت بۆ قاسەکەی خۆی کە ملیارە دۆلاری دزراوی لە داهاتی خەڵکی کوردستان تێدایە و وەکو مووچەو پرۆژەی خزمەتگوزاری بیخاتەبەردەست خەڵکی کوردستان، ئامادەیە ئەویش لەگەڵ حکومەتی ناوەنددا خەڵکی کوردستان برسی بکات و کەسایەتیان بشکێنێ!؟ بۆچی ئەویش وەکو حکومەتی ناوەند و میلیشیا شیعە فەرمانڕەواکانی عێراق نان و ژیانی خەڵکی کوردستانی کردوتە کەرەستەی بەرگری دژ بە پیلانەکانی ئەوان بۆ نەهێشتنی قەوارەی هەرێم!؟ بۆچی دەبێ بەرگری پارتی لە قەوارەی هەرێم کە لەراستیدا قەوارەی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی و پارتیە بە پلەی سەرەکی و سەرچاوەی دەسەڵات و داهاتی زۆروزەوەندە بۆ سەرانی کوردایەتی و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی لەسەر حسابی برسیکردن و هەژارکردنی خەڵکی کوردستان، لەسەر زیاتر برسیکردنی خەڵکی کوردستان بێت؟

کەواتە هەڵوێستی دروست سەبارەت بە پرسی مووچە و بژێوی موچەخۆران و خەڵکی کوردستان بەگشتی، ئەوەیە کە بیانوەکانی حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم و لایەن و میلیشیا رکابەرەکان لە هەردوولاوە، چ شیعەکان و چ کوردایەتی، بەهەند وەرنەگرن و نەبنە کریاریان! دەبێ خۆیان بەپشتبەستن بە هێزی رێکخراوی خۆیان، ئاراستەی نارەزایەتیەکانیان بکەنە هەردوو دەسەڵاتی ناوەند و هەرێم، بەجۆرێک کە مەترسی لەسەر دەسەڵات و بۆ دەسەڵاتیان دروست بکەن، دەنا نە حکومەتی هەرێم و یەکێتی و پارتی ئامادەن مووچەی خەڵک بدەن و نە حکومەتی ناوەند ئامادەیە دەستبەرداری فشارەکانی بێت لەسەر حکومەتی هەرێم و بەپلەی سەرەکی پارتی لەرێگای بەبارمتەگرتنی قووتی خەڵکی کوردستانەوە.

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتوبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی

عوسمانی حاجی مارف

بڕیارەکانی ئەم دواییەی دادگای باڵای فیدراڵی تایبەت بە هەرێمی کوردستان مشتومڕێکی زۆری نێوان لایەنگران و نەیارانی لێکەوتەوە، دادگا دوو بڕیاری دەرکرد لە دوو داوای یاسایدا سەبارەت بە قەیرانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەو مشتومڕەش مانای لایەنی سیاسی بڕیارەکانی خستەڕوو.

هەردوو حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوان خۆیاندا خەریکی مامەڵەو چارەسەرکردنی قەیرانی دواکەوتنی خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمن، بڕیاری خۆجێیکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە بانکە فیدراڵیەکان، هەروەک باقی فەرمانبەرانی عێراق، ئەمەش پەرچەکرداری توندی پارتی لێکەوتەوەو یەکێتی پێشوازی لێکرد، لەلایەکی تریشەوە جەماوەری ناڕازی بە سەرکەوتن بۆ خۆیان زانی و داوای جێبەجێکردنی خێرای بڕیارەکە دەکەن.

ئەو هەڵمەتەی لە لێدوانی سیاسییەکان و راپۆرتی میدیاکانی سەر بە بارزانی بەرجەستە بۆتەوە، ڕەنگدانەوەی حاڵەتێکی تورەییە کە ماوەیەکە کەڵەکە بووە، بەهۆی بڕیارەکانی ئەم دواییەی دادگای فیدراڵی عێراق سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێم.

ئەم بڕیارانە بە تەواوی پێچەوانەی ویستی بارزانیە، لەوەی دەیەوێت باڵادەستی بنەماڵەو حزب و هێزەکەی بەسەر حکومەتی هەرێمدا کەم نەکرێتەوەو کورت نەهێنێ، هەڵبژاردن بکرێت یان نەکرێت، بارزانیەکان دەیانەوێت وەک خاوەنی حکومەتی هەرێم بمێننەوە، سەلاحیەتەکانی بنەماڵەو حزبەکەیان بەهیچ شێوەیەک کەم نەکرێتەوە. هەر لەڕاستای ئەم چاوەڕوانیەوە ناساندنی خۆی وەک هێزی یەکەم بانگەوازی سەپاندنی مانەوەی دەسەڵاتەکەی ڕادەگەیەنێت، بەلام بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی زیانێکی بێپەردەیە بۆ بارزانی و قەوارەی حکومەتی هەرێم.

مەسعود بارزانی بەپشتیوانی حزبەکەی سەرکردایەتی هەڵمەتێک دەکات کە لەبەرامبەر بڕیارەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی عێراق دەوەستێتەوەو بەرەنگاری دەکات، گەر ئەم گەمە سیاسیەی وەک قومارێک لەئاکامدا زیانێکی گەورەش بە خەڵکی کوردستان بگەیەنێت، لە بیرکردنەوەی بارزانی و حزبەکەیدا بایەجێکی نیەو بە هەر بەهایەک و بە هەر شێوازێک بێت مانەوەی دەسەڵاتی پاوانخوازی هێزی میلیشیای بنەماڵەکەی کێشەی سەرەکیانە.

ئەو لایەنانەی کە گوایە نوێنەرایەتی کەمینەکان دەکەن و بەدەنگی کۆتا دەچنە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە، کە بەردەوام لەگەڵ پارتیدا هاوهەڵوێست بوون، لەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پشکی کەمینەکان ناڕازین و خۆیان بە هاوبەشی پارتی دەزانن لەم پرسەدا، بۆیە ناچارن هاوبەشی تورەییەکانی پارتی بکەن لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی بەغدا و دژ بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بوەستنەوە.

بەلام بڕیارەکەی دادگا بۆ هەڵوەشاندنەوەی کورسی پێکهاتەکان ئەنجامی داوایەکە کە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، بۆ لاوازکردنی توانای ڕکابەری پارتیە لە هەڵبژاردندا بەرامبەر بە یەکێتی، هەربۆیە پارتی ئەو بڕیارە بە بڕیارێکی نادەستوری و ناڕەوا دادەنێن و دژ بە پێکهاتەکان و دیموکراسی ناوزەدی دەکەن، چونکە زیانێکی گەورەی لێدەکەن.

بڕیارەکان کە لەلایەن دادگای فیدراڵیەوە دەرچوون، لەسەر ئەو پرسانەی کە ڕەواڵەتێکی یاساییان هەیە، بەلام لە جەوهەردا پەیوەندیەکی نزیکیان بەو ناکۆکیە سیاسیەوە هەیە کە لە ململانێی نێوان لایەنەکان لە هەرێم و بەغدا مامەڵەی پێدەکرێت، لەسەر بنەمای پشکەکان و دیموکراسیەکی فەرمی کە بە فۆرمی حکومەتی قەومی و ئیسلامی و تائیفی جێبەجێ دەکرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراقی سەبارەت بەیاسای هەڵبژاردن بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی ڕەتکردەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە "پێچەوانەی ڕۆحی دەستوورە"، لەکاتێکدا گەورەترین ڕکابەرەکەی، کە یەکێتی نیشتمانیە ، پێشوازی لە بڕیارەکان دەکات، بەناوی ئەوەی کە یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بە پرەنسیپی یەکسانی دەرفەتی هەڵبژاردن و دەستەبەرکردنی مووچە بۆ خاوەنەکانیان!.

هەر لەم بارەیەوە مەکتەبی سیاسی پارتی ڕایدەگەیەنێت بەشداری هەڵبژاردنێک ناکات کە بە نایاسایی و نادەستوری و لەسایەی سیستەمێکی سەپێنراودا بەڕێوەدەچێت. هەر بەم شێوەیە پێش هەموو شتێک پێویستە بڵێین ناکۆکیەکانی نێوان هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی قووڵتر دەبێتەوەو دۆخی سیاسی کوردستان شێوازێکی تر لە ململانێی ئەو دوولایەنە بە خۆیەوە دەگرێت.

بڕیاری بەشدارینەکردنی بارزانی لە هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستاندا شتێکی سەرسوڕهێنەر نەبوو، بەڵکو هەوڵێکە بۆئەوەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانێک کە بە بڕیاری دادگای فیدراڵی دیاریکراوە و بە سەرپەرشتی کۆمسیۆنی باڵای

⇦

هەڵبژاردنەکان دەکرێت، لە بەرامبەر دۆرانێکدا بەرەورووو نەبێتەوە، کە نەتوانن حکومەتی ژێردەسەڵاتی دەزگاکانی بارزانی دامەزرێنن.

بارزانی نیگەرانی و پەرچەکرداری خۆی نەشاردەوە لەبەرامبەر ئەو بڕیارانەی کە ڕێگاکانیان لێتەسک کردەوە و ئەو کەلێنانەیان لێداخرا کە بۆبالادەستی حزبەکەی پیادەی دەکرد، جا لەڕێگەی پشکەوە بێت یان بەهەر شێوەیەکی تر کاریان لەسەر کردبێت، ئەم بڕیارەی ئێستای دادگای فیدراڵی ئاماژە بە ترسی لەدەستدان و پێدانی شوێنی زیاتر لە کێبڕکێ و دەرفەتەکانی یاریکردن بە هەڵبژاردن دەکات، بەمانەیەک کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوتردا بۆ هەمو کەس ڕۆشن و ئاشکرابو، کە لە ناو گەمەی هەڵبژاردنەکاندا، پێشوەخت و پێش هەڵبژاردن هەموو شت لە بەرژەوندی بارزانی براوەتەوە، بەڵام ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە و لە کاتی خۆیدا بەپێی ئەو میکانیزمانەی کە دادگای فیدراڵی دیاریکردوە، مانای گۆڕانکاریەکە کە کەمترین دەرفەت ئەدا بە بارزانی کە هاوکێشەی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندی پارتی بسەپێنێت، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ناکەین، بۆ ئەوەی قورسایی و گێژاوێک بخاتە نێو مەیدانی ململانێکان، تا لایەنەکانی بەرامبەری لە کوردستانی و عێراقی ناچارکات بێنە بەردەم مێزی گفتوگۆ و دانوسان و ڕێکەوتن لە ژورە داخراوەکاندا.

هەموو ئەو بڕیارانە بەگشتی لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی هەولێرەوە بە پێشێلکردنی دەستوور دادەنرێن، بارزانیش بە هەوڵێکی بەغدا یان هەوڵی هەندێک لە لایەنە سەرەکیەکانی بەغدا بۆ بچوککردنەوەو تێکدانی قەوارەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان مامەڵەی دەکات، بەتایبەتیش بە لێدان لە پێگەی بارزانی دەیخەملێنن

دوای ئەوەی دادوەرێکی سەر بەپارتی لە دادگای فیدراڵی دەستی لەکار کێشایەوە، هەروەها لە بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتیدا کە هەڕەشەی کشانەوە دەکات لە پرۆسەی سیاسی، واتە کشانەوە لە پەرلەمانی عێراق و حکومەتەکەی محەمەد شیاع سودانی، هەروەها هەڕەشەی کشانەوەی لەڕێککەوتنی بەناو هاوپەیمانیش کردوە، تا گۆمی قوڵی کێشەکان تەواو بشڵەقێنێت.

لەلایەکی تریشەوە بارزانی وەها نیشان ئەدات بەرەوراگرتنی هەموو گفتوگۆ سیاسیەکان لەگەڵ بەغدا هەنگاودەنێت، هەندێک زانیاری باس لەوە دەکەن کە بارزانی دەستیکردووە بە بەهێزکردنی هەندێک هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر سنوورەکانی هەرێم لەگەڵ پارێزگاکانی ژێر دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا، بە تایبەتی پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکوک.!

هەر لەم بارەیەشەوە سەرکردایەتی سیاسی لە هەولێر هەوڵی قسەکردن لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا ئەدات، بۆ ئەوەی نێوەندگیری بکەن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پەیوەستن بە بڕیارەکانەوە کە لەدادگای باڵای فیدراڵی و ئەو کارانەی لەبەرامبەر هەرێم لەلایەن بەغداوە ئەنجامدراون.

بارزانی لە ئێستاوە لە هەوڵی دەستپێکردنی پەیوەندیەکانیەتی لەگەڵ ڕەوتی موقتەدا سەدرو پیاوانی ئاینی شیعە، هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو هاوپەیمانیەی نێوانیان کە پێشتر بویانە،ڕەنگە لە بۆچونی بارزانیدا ڕەوتی سەدر یەکێک بێت لە بژاردە گرنگەکان بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی بەغداو دادگای فیدراڵی، واتە تەواوی هەوڵەکانی بارزانی لەو قەیرانەی بە فشارەکانی حکومەتی عێراق و ئێران و دادگای فیدراڵی و یەکێتی نیشتمانی دەرگیری بووە، نایەوێت بە ئاسانی خۆی ملکەچ و ڕادەستی ئایندەیەک کات کە پێگەی دەسەڵاتی لە کوردستاندا لاواز دەکات، بەڵام ئەوەی لە ئەزمونی ژیانی سیاسی بارزانیدا ناوبانگی هەیە، ناتوانێ لە نمونەی تاقیکردنەوەی شکستی ڕفراندۆمەکەی زیاتر هەنگاو بنێت.

بەڵام لەم بارەیەوە سەبارەت بە بەغدا، بژاردەکانی پەرەسەندنی ناوەندبونەوەی عێراق بە ئاراستەی خۆیدا بەرێ دەخەن، بەتایبەتی هەندێک هێز لە چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەدا بە پشتیوانی ئێران توندن لەسەر ئەوەی هەوڵدەدەن سزای تەکنیکی و ئابووری بەسەر هەرێمدا بسەپێنن و یەکێتی نیشتمانیش لاری لەم هەنگاوانەی چوارچێوە هەماهەنگی و ئێران نیە.

ئەوەی شایانی باسە سەختترین بژاردە ئەوەیە کە هەندێک لە کوتلە چەکدارەکانی شیعە لە بەغدا،یان لایەنەکانی بەناو بەرەنگاری ئیسلامی عێراق، بە مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشەکانیان بۆ سەر ئامانجەکانی هەولێر و سەنگەرەکانی پێشمەرگە و شوێنە گرنگەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی وەک هەڕەشەیەک بکەنەوە ئامانج، ئەم بژاردەیەش بۆ بەغدا لە ئێستادا کارێکی ئاسان نیە.

ئەوەی لەم ململانێیەدا جێگای سەرنجە یەکێتی نیشتمانی پشتیوانی تەواوی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دەکەن و لە بەرژەوندی گۆڕینی هاوسەنگی هێزەکەیان لە بەرامبەر پارتیدا حسابی لەسەردەکەن، بەمانایەک لە بەردەوامی ئەو هەوڵانەدان چۆن لە هاوکێشە سیاسیەکاندا جارێکی تر بەلکو بتوانن پارتی و بارزانی بخەنەلاوە.!

ئەمەش چەند مایەی دەستکەوت دەبێت بۆ تاڵەبانی، ئەو ئاستی ململانێ و ڕووداوەکان دیاری دەکات، ئەم هەڵبەزو دابەزەی نێوان بارزانی و تاڵەبانی سنورێکی دیاریکراوی نیە، مەگەر نارەزایەتی و ڕاپەڕینی بەرفراوانی جەماوەری بە کۆتایی هێنانی ئەم دوو دەسەڵاتە میلیشیاییە، ئەم بەڵایە لە کۆڵ خەڵکی کوردستان بکاتەوە

ئەو هێزە سیاسیانەی کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان لە عێراقدا بەدەستەوەیە، کە زۆربەیان حزبی شیعە و کوتلە چەکدارەکانی سەر بەئێرانن، ئەو ڕەوڵەی لە بردنە پێشەوەی ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراق گرتویانەتە بەر، بەدوای ئەو دەرفەتانەوەن کە دەسەڵاتەکانی هەولێر سنوردارکەن، لەم پرۆسەیەدا فشارەکانی بەغدا وەک گەمەیەکی سیاسی چەخ تلەسەر سندوقەکانی دەنگدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و موچەی فەرمانبەران دەکەن.

لەلایەکی تریشەوە ناکۆکیەکی گەورە لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم سەبارەت بە پشکی هەرێم لە بودجەی دەوڵەتی عێراق، و میکانیزمەکانی ژماردنەوەی فەرمانبەرانی هەرێم، بووەتە هۆی پشێوی لە پێدانی مووچەی فەرمانبەران، ئەمەش دۆخێکی سەختی سیاسی کۆمەڵایەتی دروستکردوە لە کوردستانی عێراق و ڕیسوایی و شەرمەزاریەکی زۆری بۆ حکومەتی هەرێم دروست کردوە، لەهەمانکاتدا مایەی نارەزایەتیەکانی بەرفراوانی جەماوەریە. ئەم بابەتەش فرسەتی داوە بە دەستێوەردانی دادگای فیدراڵی و دەرکردنی بریارێک بەگواستنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بۆ بانکە حکومیەکانی عێراق، لە بەرامبەریشدا پارتی پێداگری لەسەر "هەژماری من" دەکات.

هەرووەها بریارەکەی دادگای فیدراڵی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی پابەند کردووە بەوەی کە سەرجەم داهاتی نەوت و نانەوتی ڕادەستی حکوومەتی فیدراڵی بکرێت.

دەرچونی ئەم بریارانەی دادگای فیدراڵی، لەگەڵ ئەو دەستوورەی عێراقدا یەکدەگرنەوە و پێچەوانەی پرەنسیپەکانی نین،کە دەستوریکە لەسەر بنەمای پشکی بەشبەشێنەی نەتەوەیی و دینی و تائیفی و هاوسەنگی هێزەکان دارێژراوە، دەستورێکی تاسەر ئێسقان کۆنەپەرست و دژی ئینسانیە، کە کاتی خۆی بارزانی و تاڵەبانی بە هەردەپەنجە مۆریان کردوە، بەو مانایەش بریارەکانی دادگای فیدراڵی تەعبیر لە پیادەکردنی سیاسەت و ئامانجی ئەو هێزە سیاسیانە دەکات کە حکومەتی ئێستای عێراق بەرێوەی دەبات، پارتی و یەکێتیش هاوپەیمانی ئەو حکومەتەن، بەڵام ئێستا هاوکێشە سیاسیەکان و ئاستی هاوسەنگی هێزەکان و بەرژەوەندیەکان، پێگەی سیاسی لایەنەکان و ئاڵوگۆڕ لە دۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکەدا بەرەورووی کێشەی ترن، هەرلایەنێک لە هەوڵی دابینکردن و گونجاندنی بەرژەوەندیەکانیەتی، بۆیە ڕووداوەکان بە بێ دەخالەتی سەربەخۆ و ڕاستەوخۆی جەماوەری نارازی، دەمانخاتە بەردەم ململانێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی ئاستی هاوسەنگی هێزەکان دەیبرێنێتەوە.

★

# کۆمەڵگەی چینایەتی و ژێردەستەیی ژنان!

جەمال موحسین

کۆمۆنیستەکان مەسەلەی ژنان بە مەسەلەی تەواوی کرێکاران ئەزانن. کۆمۆنیستەکان کە لەریزی پێشەوەی خەباتی چینایەتی کرێکاراندا راوەستاون بۆ کۆتاییهێنان بە چەوسانەوەی چینایەتی و لابردنی هەرجۆرە ستەمێک، هاوکات پێشەنگی مەسەلەی ژنان و یەکسانیخوازین. ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی ژنان لە هەموو ڕوویەکیەوە یەکێکە لە مەسەلە هەرە گرنگ و بایەخدارەکانی خەباتی سۆشیالیستانەی چینی کرێکار. لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ژن ئوردوویەکی ئیحتیاتی کارە، هێزێکی هەمیشە ئامادەکراوە تا بە گژ بەشێکی تری کارکردووانـدا بکرێ. هەم کاری بەلاشی پێبکرێ و هەمیش وەک هێزی کارێکی زۆر هەرزان بخرێتە بازاڕی کێبرکێوە لەگەڵ هاوچینەکانی کە ڕەگەزی جیاوازیان هەیە. دیقەتی ئەم قسەیەی مارکس بدەین: ''...هەربۆیە کاری ژنان و منالآن تاکە شتێک بوو کە ئەو سەرمایەدارانەی ئامێریان بەکارئەهێنا، بەدوایدا ئەگەڕان. ئەم جێگرەوە مەزنەی کار و کرێکاران، لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی سەرمایەدا، یەکسەر گۆڕا بە ئامرازێک بۆ زیادکردنی ژمارەی کرێکارانی بەکرێ لەرێی ناونووسکردنی هەر ئەندامێکی خێزانی کرێکارەوە، بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ڕەگەز و تەمەن. کاری ناچاری بۆ سەرمایەدار نەک تەنها جێگەی یاری منالآن، بگرە جێگەی کاری خۆرایی ناوماڵیشی گرتەوە لەچوارچێوەی سنورێکی مامناوەندیی هاوکاریکردنی خێزاندا.'' (کارل مارکس، سەرمایە بەرگی یەک، بەشی ئامێرسازی و پیشەسازی مۆدێرن، سێکشنی سێیەم: کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی ئامێرسازی لەسەر کرێکار، خاڵی ئەلف: تەرخانکردنی هێزی کاری زیادە بۆ سەرمایە، کاری ژنان و منالآن).

ئەمە ئەگەر بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی سەرمایەداری و ئامێر و تەکنەلۆژیا بەراییەکان بەوجۆرە بووبێت، ئەوا بە چاوخشاندنێکی خێرا بە دنیای مۆدێرن و سیستمی سەرمایەداری هاوچەرخدا، ئەوە ئەبینرێت کە ژنان جیاواز لە مێژووی پێشتر، ئێستا لە بازاڕی کاردان. کارکردنی ژنان لەزۆر بواری ژیاندا ئەگەرچی خۆی لەخۆیدا پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە، بەڵام هاوکاتیش بۆتە یەکێک لە ئامرازەکانی بەدەستهێنانی سەرمایەی بێشومار لەسەر بنەمای چەوسانەوەی زیاتری ژنانی کرێکار. تەماشایەکی ئامارە

سەرسوڕهێنەر و هاوکات شەرمهێنەرەکانی ستەمکاری لەسەر ژنان بکەین ئەبینین چ دڕندەکارییەک لە ئارادایە. بەپێی ئامارێکی ئۆکسفام، لەجیهاندا ژنان لە ٢٤% کەمتر لە پیاوان کرێ بە دەست ئەهێنن لە کاردا. هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە و ئەگەر حسابی ئەم گەشەیەی ئێستا لە ئارادایە بکرێت، ئەوا پێویست بە ١٧٠ ساڵ ئەکات تا ئەم قڵشتە پڕ بکرێتەوە! دیارە بە میکانیزمەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کاری بەکرێ. لە کاری سەرپەرشتیدا ئەوە ژنانن کە نزیکەی دوو ئەوەندەی پیاوان کار ئەکەن و بەبێ هیچ کرێیەکیش، وەک سەرپەرشتی منداڵان و کاری ناوماڵ. لەکاتێکدا کە بەهای ئەم کارە بەلاشە بەپێوەری ئۆکسفام ئەکاتە بڕی ١٠،٨ تریلیۆن دۆلار ساڵانە کە ئەمەش سێ ئەوەندەی ئەو پارەیەی ساڵانە بۆ گەشەی تەکنەلۆژی پێویستە. بێگومان ئەم بڕە زەبەلاحە لە پارە ئەگەڕێتەوە بۆ گیرفانی سەرمایەداران و دەوڵەت و دەسەڵاتەکانیان. لە وڵاتە "تازەپێگەیشتووەکاندا" ژنان کاری نافەرمییان پێئەکرێ و بەمجۆرە بێ کۆنتراکت و بێ هیچ جۆرە بیمەیەک بازاڕی کار هێزیان ئەگوشێ و بەشەکەتی ڕەوانەی کاری بەلاشی ناوماڵیشیان ئەکاتەوە، کە بەپێی ئامارەکەی ئۆکسفام ژمارەی ئەو ژنانەی کە کاری بەمجۆرە نافەرمییان هەیە نزیکەی ٦٠٠ ملیۆنە! ئەمە جگە لە ئامارەکانی هەژاری و نەخوێندەواری کە زۆرترین قوربانییەکانی ژنانن.

دیارە لە کوردستانیشدا زیاتر لە پێشوو هێزی کاری ژنان کەوتۆتە بازاڕی کارەوە، لە کارگە گەورە و بچوکە بەرهەمهێنەرەکانەوە تا مارکێت و ساڵۆنەکان... وهتد. دۆخی ژیانی کرێکارانی ژن لە کوردستانیش لەو ئامارانەی ئاماژەیان پێدرا، باشتر نییە. جگە لەوەی وەک هێزی کارێکی هەرزان و نیمچەبەلاش سوودیان لێوەرئەگیرێت و ئەرکی سەرپەرشتیماڵیش ئەکەوێتە سەرشانیان. لە بازاڕی کاری سەرمایەداراندا وەک هێزێکی کەمتر و "لاوازتر" مامەڵەیان لەگەڵ ئەکرێت. سەرمایەدارانی کوردستان بەمجۆرە جگە لە سوود و قازانجی بێشومار لەم هێزە، چەند سوودی تریش لە خوارەوەڕاگرتنی جێگەوڕێگەی ژنان وەرئەگرن. لە بازاڕی کاردا جیائەکرێنەوە لە هاوچینە ڕەگەز جیاوازەکانیان و کەلێنێکی دروستکراو لە نێوانیاندا پێکئەهێنن تاڕادەی ئەوەی خاوەنکار و سەرمایەداران بە هەڕەشەی دەرکردن و بێکارکردن و جێگرتنەوەی کرێکاران بە کرێکارانی ژن سوود لەم کەلێنە وەرئەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا گێچەڵی سێکسی و پەلاماردان و ئیستغلالکردنی کرێکارانی مێینەش ئەبێتە قازانج بۆ سەرمایەدار لەبەرئەوەی لەباری کۆمەڵایەتییەوە ژن لەخوارترە و بەپێوانە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە دواکەوتووەکان سەرچاوەی پاراستن یان لەکەی ناموسین، هەندێجار تەنانەت ئەو جۆرە کێشە و نارەحەتکردنانەش بە پەنهانی ئەمێننەوە تا ئاستی ئەوەی پارەی کرێکارانێکی ژن کە بەمهۆیەوە شوێنی کارەکە جێئەهێڵن لەلایەن خاوەنکارەکانەوە ئەخورێت!

بەکورتی لە کوردستانیش کرێکارانی ژن وەک سەرچاوەیەکی هێزی کار و سودهێنەر بۆ سەرمایەداران ئەو جێگەوڕێگە ژێردەستەییەی هەیە. نابێ لێرەدا ئەو سەرخانە یاسایی و فیکری و ئاینی و فەرهەنگیە کۆنەپەرست و دژەژنە بە کەم بگیرێت کە برەو بە ستەم و لە خوارەوەڕاگرتنی پێگەی ژنان ئەدات و لەم دۆخەدا ئەیانهێڵێتەوە. بەڵام ئەمانە پێویستیی سەرخانی هێشتنەوەی ئەو جێگەوڕێگە نزمە چینایەتییەی ژنانن. لەدۆخی ئێستای پڕ هەژاری و نەبوونی لە کوردستاندا، نەهامەتیەکان چەندقات بەسەر ژنانی کرێکاردا شکاوەتەوە. ژن تەنها پێویستی بەوە نییە لە دواکەوتوویی فەرهەنگی و ئاینی و یاسایی خۆی ڕزگار بکات، بگرە پێویستی بەوەیە لەو سیستمە خۆی ڕزگار بکات کە ئەو پێگە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەی بەسەردا سەپاندووە.

هەرجۆرە خەباتێک بۆ یەکسانبوونی ژنان لە یاساکاندا، بۆ دەربازبوون لە فەرهەنگی دواکەوتوو ... هتد پێویستە وابەستە بکرێتەوە بە خەباتێکی سەراسەری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشەوە بۆ ڕزگاری تەواوەتی لە بێکاری و هەژاری و نەبوونی و نەهامەتیەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی لە کوردستاندا. کۆمۆنیستەکان و ژنان و پیاوانی یەکسانخیواز ئەتوانن هاوشانی خەبات بۆ هەرجۆرە باشبوونێک لە دۆخ و ژیانی ژنان بەگشتی و ژنانی کرێکاردا بەتایبەتی، تێکۆشانیان بۆ سەرلەبەر هەڵوەشاندنی ئەم سیستم و دابەشبوونە چینایەتیە هەڵپێکن.

★

**هەرجۆرە خەباتێک بۆ یەکسانبوونی ژنان لە یاساکاندا، بۆ دەربازبوون لە فەرهەنگی دواکەوتوو ... هتد پێویستە وابەستە بکرێتەوە بە خەباتێکی سەراسەری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشەوە بۆ ڕزگاری تەواوەتی لە بێکاری و هەژاری و نەبوونی و نەهامەتیەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی لە کوردستاندا!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی**
**حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# شوراکان؛ وەرچەرخانێکی نوێ لەمێژووی بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری !

نوری بەشیر

دوای ٣٣ ساڵ، باسی شوراکان زەرورەت و تایبەمەندی خۆی هەیە، چ لەباری سیاسی و چ لەباری کۆمەلایەتیەوە، شوراکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەورەیەکە ئەگەرچی کورتخایەن، بەلام تا ئێستاش لەژیانی خەلکی کوردستاندا بەشانازیەوە پەنجەی بۆ رادەکێشرێت. ئەگەرچی لەم ماوەیەدا دنیا هێندەی سەدەیەک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی کۆتایی بەدەورەیەک هات کە ئەمریکا دەوری تاکجەمسەری دەبینی، بۆ دنیایەکی چەندجەمسەری، چ ئەوکات و چ ئێستاش دنیا لەژێر سایەی دەسەلاتی سەرمایەداری و حکومەت و حزبەکانی چینی بۆرژوازیدا دەچەرخێت، چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش، ژنان، مندالان و لاوان، قوربانیەکانی ئەو سیاسەت و سیستەمەیە کە زەرورەتی بۆ مرۆڤایەتی نەماوە، هەربۆیە باسی شورا وەک شێوەیەکی رێکخراوبوونی بزوتنەوەیەکی چینایەتی چینێکی کۆمەلاتی لەدەرەوەی چینی بۆرژوازی و هێزەکانی جێگای پێداگریە.

بۆرژوا ناسیونالیستی کوردو حزبەکانی، لەهەردوو دەورەکەدا، لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتە دژی ئینسانیانەی سەرمایەداری و شەڕوکوشتارو کاولکاریەکانیدا، بەتایبەت لەدەوری سیاسەتی ئەمریکادا خۆیان گرێداوە، هەموو دنیاش سیاسەتی ئەمریکیان لەم سی دەیەدا بینیوە کە دەستیان خستبێتە هەر شوێنێکی دنیا، ئەوە مالوێرانی و برسێتی و کۆنەپەرستی و سەرکوت و دەسەلاتی میلیشیا چارەنوسیان بووە، ئەفغانستان، عێراق، سوریا، کوردستان نموونەیەکی زیندووە و لەبەرچاوی هەمووانداە.

هەربۆیە لەم ماوەی زیاتر لەسێ دەیەدا ناسیونالیزمی کورد بەلایەکیان بەسەر خەلکی کوردستاندا هێناوە کە زۆربەی کۆمەلگە بەخوێن و گۆشتی خۆیان تەجروبەیان کردوە، ئەوەی رژێمی بەعسی سەرمایە نەیتوانی تەواوی بکات ئەمان کردیان، کۆمەلگەی کوردستانیان لەهەلومەرجێکدا راگرتووە بۆئەوەی بتوانن دەسەلاتی نەگریسی خۆیان بەردەوام تازەبکەنەوەو بسەپێنن؛ هێندە حزب و گوێ لەمستی خۆیان دروستکردوە، هێندە بیروبۆچونی دواکەوتوانەیان سەپاندووە، هێندە رۆشنبیری قەلەم فرۆش و بندیوارو دزو مافیایان دروستکردوە، هێندە بوونەتە نۆکەری ولاتانی دراوسێ، هێندە ژنانیان کوشت، هێندە رۆژنامەنوس و کۆمۆنیستەکانیان کوشت، بەوەش کارنامەی خۆیان کردووەتە فەزایەکی زالی کۆمەلگە، کە خەلکیان بێئیرادە کردوە کە نەتوانێت رێگای خۆی بدۆزێتەوە، تەنیا بۆئەوەی دەسەلاتی خۆیان لەسەرەوە بمێنێت، کە لەدوای راپەرینەوە لە شاخ و سنورەکانی ئێران هاتن و شوراکانیان سەرکوت کرد، بۆئەوەی ئەم رۆژە دروستبکەن و چارەنوسی کۆمەلگە لەدەستی خۆیاندا بێت و دەوری جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش ئەوەندەبێت کە لەخزمەتی خۆیان و دەسەلاتەکەیاندا بێت.

لێرەوەیە دوای ئەم هەموو ساڵە گرنگی شوراکانی ساڵی ١٩٩١ بۆجارێکی کە زەرورەتی خۆی دەردەخات، ئەویش رێکخراوبوونی خەلکە لە خوارەوەی کۆمەلگە، مەسەلەی دەسەلاتداریتی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشە. شوراکان دەستیان بۆ ئەوە برد، کرێکاران رێکخراوبوون لە کارگەکاندا و دەستیان برد بۆ بەرێوەبردنی کارگەکان لەلایەن خۆیانەوەو رێگریان لە مودیرە کۆنەبەعسیەکان کرد بگەرێنەوە سەرکارەکانیان، بۆ ئەمەش دەرگای کارگەکانیان بەرووویاندا داخست، بەلام بەرەی کوردستانی و حزبەکانی کوردایەتی هەموو مودیرو بەعسیە کۆنەکانیان دانایەوە، هەموو موستەشارو سەرۆک عەشرەتەکانیان و سەرمایەدارەکانیان کۆکردەوە لەدەوری خۆیان و وەرقەی بەرەیان دا بەهەموویان کە پارێزراوبن. جەماوەری زەحمەتکێش لەگەرەکاندا لە؛ کارمەندان و ژنان و لاوان، کۆبوونەوەی گشتی گەرەکەکانیان ئەنجامداو شوراکانی خۆیان دروستکرد و نوێنەرانیان هەلبژاردو بەرنامەو کاری بەرێوەبردنی کارو پێداویستیەکانیان لە کۆبوونەوە گشتیەکانی خۆیاندا دیاریکرد. شورای سەراسەی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش بەرنامەی شوراکانیان خستەبەردەم کۆمەلگە و دروشمی؛'هەموو دەسەلاتێک بۆ شوراکان' سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە؛ یەکسانی ژنان و پیاوان، جیایی دین لەدەولەت، ئاسایشی خەلکی، دابەشکردنی داهاتی کۆمەلگە بەیەکسانی، چەکدارکردنی خەلک لەشوراکاندا، بەشێک بوو لەبەرنامەی شوراکان. ئەم کارانەو بانگەوازی شوراکان وەک؛ هەورە بروسکەو دیاردەیەکی گەورەو زیندو خەلکی لەدەوری شوراکان کۆکردەوە، شوراکان وەک ئەلتەرناتیفێکی نوێی چینایەتی و سۆسیالیستی چینی کرێکارو بێبەشانی کۆمەلگە سەری دەرهێنا و بەشێکی بەرچاوی خەلکی کوردستان لەدەوریان کۆبونەوە، ئامادەیی هەزاران کەسی لە شوراکان و ریزی دەیان هەزاری لەیادی کیمیابارانی هەلەبجەدا

بزووتنەوەی ناسیونالیستی خستە لایەک و لەولاوە هێزو بزوتنەوەیەکی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەری دەرهێنا، ئەویش بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بە بەرنامەو ئەلتەرناتیفی چینی کرێکارەوە.

کۆمۆنسیتەکان و چەپەکان بۆئەوە دەستیان برد بۆ شوراکان و هاتنەمەیدان، بۆئەوەی دەسەلاتی بۆرژوازی ژێرەو ژوورکەن، بۆیە نەگەرانەوەی رژێمی بەعس یەکێک لە خۆئامادەکردنەکان و چەکدارکردنی خەڵک بوو لەشوراکاندا، کۆمۆنیستەکان و چەپەکان شەو و رۆژ لەشوراکاندا وا کاریان دەکرد، واتدەزانی کە دەرس و تەجروبەیان بەزیندووی لە کۆمۆنارەکانی پاریس وەرگرتووە کە دروشمی؛ سەرمایەدار چەک دانێ لەشولارت ناتوانێ، هەر کرێکار دەتوانێ دنیایەکی نوێ دانێ، شوراکان وا هاتنەمەیدان کە بۆرژوا ناسیونالیزمی کورد نابێت دەسەلات بگرێتەدەست، لەبەرئەوەی ئەوەیان لەبەرچاوبوو کە ئەگەر ئەوان دەسەلاتداربن ئەمرۆژە بەسەر خەڵکی کوردستاندا دێنن کە ئێستا هەیە، شوراکان هەر بۆئەوەش هاتنەمەیدان، کەژیانێکی نوێ بۆ جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش لەکۆمەڵگەدا دامەزرێت، بۆ ئەوەی دەسەلاتی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد بۆ هەمیشە لە ساحەکە دەرکرێت.

ئێستا کەیادی شوارکان دەکەینەوە، سەرەتای ساڵێکە کە ناسیونالیزمی کورد لەهەموو کاتێک زیاتر رسواترو نەفرەتلێکراوە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوەو کەوتونەتە بەردەم نارەزایەتی بەرفراوان و رۆژانەی جەماوەر، بەلام ئەم نەفرەتەو ئەم نارەزایاتیانەی ئەمرۆ کافی نیە، بەڵکو رێکخراوبوونی دەوێت لەخوارەوە، کرێکاران لە شوێنی کاریاندا، جەماوەری زەحمەتکێش لە گەرەکەکاندا رێکخراوبن، نوێنەرانی هەمووشیان لە رێکخراوی سەراسەریدا کۆببنەوە بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵگە، ئەمە خەون و خەیاڵ نیەو شوراکانی روسیا ئەمەیان کرد، بەلام رێکخرابوون بە وشیاری چینایەتی و کۆمۆنیستی.

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو بزوتنەوە شوراییە و شوراکان، وەرچەرخانێکی چینایەتی مەزن بوو لە مێژووی کوردستاندا، کە کۆمۆنیستەکان و کرێکاران و جەماوەری ئازادیخواز لەساحەی سیاسیدا لەدەرەوەی سیاسەت و کارنامەی حزبەکانی ناسیونالیستیدا خۆیان رێکخراو کردو بە ئەلتەرناتیفی چینایەتی کرێکاران و سۆشیالسیتیەوە خۆیان هاتنەمەیدان. ئەم تەجروبەیەی شوراکان، بەپێچەوانەی تەجروبەی ناسیونالیزمی کورد وحزبەکانی، کە لەسەرەوە خۆیان سەپاند بەیارمەتی؛ سەرۆک عەشیرەت، شێخ و مەلا، کۆنەبەعسیەکان، مستەشارو سەرمایەدارەکان، وەک هێزی جەماوەر هاتنەمەیدان وەک بەدیلێکی چینایەتی و سۆسیالیستی لەدەرەوەی قەڵەمرەوی ئەوان بۆ ئایندەیەکی باشترو بەرنامەدانان لەبەرژەوەندی زۆربەی خەڵکی کەمدەرامەتی کۆمەڵگە.

کۆمەڵگە پێویستی بەئاڵوگۆری ریشەیی هەیە، ئەویش رزگاربوونە لە دەسەلاتی حزبەکانی کوردایەتی، کە ئەمەش لە قسەی رۆژانەی خەڵکی لە نارەزایەتیەکاندا دەبیسترێت، بۆئەمەش لەهەنگاوی یەکەمدا وشیاری چینایەتی و رێکخراوبوونی چینایەتی دەوێت، دابرانی چینایەتی دەوێت لە ئاسۆو سیاسەتی ناسیونالیزمی کردو حزبەکانی، رێکخراوبوونی دەوێت لەدەوری ئاسۆو ئامانجی کرێکاری و سۆشیالیستی، کە هەنگاوی یەکەمی ئەم خۆرێکخراوکردنە لە شوراکانی کرێکاران لە کارگەکان و شوراکانی گەرەکداو یان هەرجۆرێک لە رێکخراوپیشەیی و پەیوەندی توندوتۆڵی یەکدەست و سەراسەری دەوێت.

**کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستان، وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری، تیایدا جیاوازی چینایەتی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە، بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. ناکۆکی نێوان ئەم دوو چینە، ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگەیە و سەرجەم کێشە و ناکۆکییەکانی تر لە دەوری ئەمە تەوەرەیان بەستوە. لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا-ناسیونالیستەکان، وەکو نوێنەر و دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی کورد ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و لەسایەیدا کەمایەتییەکی کەم لەسەر حسابی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و سەپاندنی هەژاری و نەداری و کوێرەوەری بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دانیشتواندا، بوون بە میلیاردێر و لەناو سەروەت و ساماندا نوقم بوون. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمرۆ لەڕووی پەرەسەندنی ئابووری و پیشەسازی و بەهرەمەندبوونی لە سەروەت و سامانێکی زۆرەوە، زەمینە بابەتییەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی تیادا فەراهەم بووە کە لە سایەیدا هەموان خۆشگوزەران بژین. ئەمانە چینی کرێکار و بزووتنەوەکەیانی کردووەتە هێزی بنەڕەتی بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم چینەیان کردووەتە کارێکی پێویست و دەستبەجێ و لەڕووی بابەتیشەوە مومکین.**

**بەشێک لە بەڵگەنامەی حزب: مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە... پەسەندکراوی کۆنگرەی (٥) دێسمبەری ٢٠٢١**

# ناکرێ بێدەنگ بین بەرامبەر کۆمەڵکوژیی خەڵکی غەززە

عوسمانی حاجی مارف

لەبەردەم دیاردەی گەورەترین کۆمەڵکوژین کە لە غەززە ڕوودەدات، بەوپێیەی داگیرکاری ئیسرائیل تائێستا زیاتر لە ٣١ هەزار فەلەستینی کوشتووە کە ٧٠٪ یان ژن و منداڵن. هێشتا ئیسرائیل هەڕەشەی کۆمەڵکوژی زیاتر و کارەسات و ئازاری زیاتر دەکات.

بەجیا لەوەی چەندین مانگە ئەم جینۆسایدە بەڕۆژی ڕوناک و بەبەر چاوی خەڵکەوە ڕوودەدات، ئەمڕۆ سۆشیال میدیا وەک یەکێک لەو ئامرازە بەهێزانەی جێگای سەرنجی پانتاییەکی بەرفراوانی جیهانیە، کاریگەری تەواوی لەسەر بیروڕای گشتی و ڕۆشنکردنەوەی ئەو پەلامارە بێشومارانەی کە هێزەکانی داگیرکەری ئیسرائیل لە فەلەستین ئەنجامی دەدەن، داناوە. لەو چوارچێوەیەدا ڕۆژنامەنوسان لە میدیای تەقلیدی تێپەڕین و بە بەڵگەنامەکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێشوئازاری کارەساتەکان لە فەلەستین گەیشتن بە هاولاتیانی ئاسایی لە سەرانسەری جیهاندا. ئەم کاریگەریە ئەوەندە توند بووە، کە بەڕێوەبەری جیبەجێکاری پلاتفۆرمی "تیک تۆک" ناچار بوو لێدوانێک بدات و بڵێت؛ "زۆرینەی ڕەهای بەکارهێنەرانی تیک تۆک ئەوانەن کە ڤیدیۆی لایەنگری فەلەستین بڵاودەکەنەوە". بەجیا لەوەش تەواوی کەناڵی هەواڵگری جۆراوجۆری جیهان ناتوانن ڤیدیۆکانی ئەو هەواڵانەی پاکتاوکردنی غەززە نیشان ئەدەن، بلاو نەکەنەوە.

کاریگەریەکانی ئەو ڕوداوانە، کەوتوتە ناو سیاسەتی ناوخۆی زۆر وڵاتەوە، بۆنموونە جەماوەری جۆ بایدن، بەهۆی هەڵوێستی لە سەر پرسی فەلەستین بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبۆتەوە، بەشێکی زۆر لە هاوپەیمانان و لایەنگرانی پارتی دیموکرات لە ئەمریکا داوای بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دەکەن و دەنگ بە بایدن نەدەن، ناڕەزایەتیەکانی جەماوەری ئەمریکا فشارێکی گەورەیە لە سەر حکومەتەکەی بایدن.

بڕیارنامەکەی پارتی نیشتمانی سکۆتلەندا کە داوای ئاگربەستی دەستبەجێ دەکات، سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی بەریتانیای شەرمەزار کرد، کە لەماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا خۆیان لە ئاماژەکردن بە بۆردومانی کوشندە بۆ سەر غەززە بەدوور گرتووە. ڕەشنووسی بڕیارنامەکەی پارتی نیشتمانی سکۆتلەندا ڕوون و بێدوو دڵی و بە تەواوی لەگەڵ ڕای گشتی باو و ناڕەزایەتیەکان لە دوورگەکانی بەریتانیا و ناڕەزایەتی جیهاندا دەگونجێت.

پارتی نیشتمانی سکۆتلەندا داوای ئاگربەستی دەستبەجێی کرد بەبێ مەرج. لەکاتێکدا کە ڕەشنووسی بڕیارنامەکەی پارتی کرێکارانی بەریتانیا دەسەڵاتی ڤیتۆی بە حکومەتی ئیسرائیل بەخشی، بە پێداگری لەسەر ئازادکردنی زیندانیەکان لەلایەن حەماسەوە وەک پێشمەرجێک بۆ دەستپێکردنی ئاگربەست، ئەمەش نیشاندانی ڕیسوایی حکومەتی بەریتانیا بوو، لەبەرامبەر خەڵکی نارازی بەریتانیا کە شەقامەکانیان هەژاند دژ بە هێرشەکانی ئیسرائیل.

لەهەمانکاتدا تورکیا و سعودیە بەهەمانشێوە کەوتونەتە ژێر فشاری جەماوەریەوە و لەژێر کاریگەری ئەو فشارەدا مامەڵەیان لەگەڵ قەیرانەکەدا کردوە. هەرچەندە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، هەوڵیدا بیلایەن بمێنێتەوە و پێشنیاری نێوەندگیری بۆ چارەسەری ململانێکانی کرد، بەڵام ڕای گشتی لە تورکیا و خۆپیشاندانە گەورەکانی لایەنگری فەلەستین هەر زوو وای لێکرد هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت و بە ئاشکرا ئیدانەی ئیسرائیل بکات.

لە میسر و ئوردن و زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی جیهان شاهیدی هەمان ڕێگا بوون. بۆ نموونە قەتەر کە هەر زوو پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردوەوە، بەڵام دواتر ناچاربو بالیۆزی خۆی لە تەلئەبیب بانگهێشتکردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دابەزینی پەیوەندی و دەستکەوتە سیاسیەکانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا. ڕاپرسیەکانی بیرورا کە لە لایەن پرۆژەی بارۆمێتری عەرەبی کە بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی پرینستۆن ئەنجام دراون، ئاشکرایان کردووە کە بیروڕای گشتی لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانی عەرەبی پالپشتی خۆی بۆ فەلەستین زیادکردووە، لە هەندێک وڵاتدا پشتیوانی لە حەماس، وەک هێزی بەرەنگاری نفوزە جەماوەریەکەی زیادیکردووە، و یەکێک لە هۆکارە دیارەکانی ئەمەش ئەوەیە کە میدیاکانی سۆشیال میدیا و دەزگاکانی هەواڵی ناوخۆ دەیخەنە ڕوو. هەر ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی ناچارکردنی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و عەرەبی بۆ گۆڕینی هەڵوێستەکانیان سەبارەت بە ئیسرائیل و ململانێکان، گەر بەشێوەیەکی ناچاری و شکڵیش بێت، بەڵام گومانی تێدا نیە کە لە داهاتوودا کاریگەریەکی بەرچاوتری دەبێت.

لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا وا دیاربوو کە فەرامۆشی لە پشتیوانیکردن لە دۆزی فەلەستینی ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگربوو، بەڵام سەرهەڵدانی

میدیای بەدیل و سۆشیال میدیا لەخستنەڕوی ڕوداوە دوژمنکاری و تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لەبەرامبەر خەڵکی فەلەستیندا، پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ گەڕانەوەی پشتیوانی لە دۆزی فەلەستین. بۆیە سەرکردەکانی وڵاتان دەبێت لەکاتی بڕیاردان سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێکان لە داهاتوودا، بەتایبەتی شەڕەکانی پەیوەست بە داگیرکاری ئیسرائیل، مەزاج و بۆچوونی جەماوەری ناڕازی وڵاتەکەیان لەبەرچاو بگرن.

ئیسرائیل بێوچان پێداگری لەسەر هەڵوەشاندنەوە و تێکدانی دەسەڵاتی فەلەستین دەکات و هەوڵدەدات ڕێگری لە ڕێڕەوی "چارەسەری دوو دەوڵەت" بکات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە لایەنی فەلەستینی نوێنەرێکی گونجاوی نیە بۆ هاوبەشیکردن لە ئاشتیدا، بەڵام ئاستی گەورەبونەوەی هێرشەکانی ئیسرئیل و زۆری کارەساتەکان و ڕۆڵی میدیا لە ڕۆماڵکردنی ڕوداوەکان، "چارەسەری دوو دەوڵەت" خەریکە دەبێتە پێشەنگی پێشنیارو فشاری نارەزایەتیەکان و ناچارکردنی جیهان بۆ ڕەسمیەتدان بەو چارەسەرە بۆ خەڵکی فەلەستین، تا ئەو ئاستەی ئەوروپاو ئەمریکاش گەر ڕوکەشیش بێت خەریکن دان بەو ڕێگە چارەیەدا دەنێن.

لەڕاستیدا ئەوەی پێویستە جێگای پرسیارو سەرنجی جدیمان بێت، ئایا ئینسان لەبەرامبەر مەسەلەیەکی وەها هەستیاردا ئەتوانێ بێدەنگ و بێهەڵوێست بێت، لەکاتێکدا بزانێت کۆمەڵکوژیەکی گەورە لە شوێنێکی دونیا ڕوودەدات، کە پێویستە هاوبەشی و پەرچەکردار بۆ ئازارەکانی دانیشتوانی غەززە هاوپشتی مرۆڤایەتیمان بێت.

پێویستە هەڵوێست بگرین و ڕیزی نارەزایەتی جەماوەری فراوانترو بەهێزتر کەین، لەبەرامبەر ئەو دەوڵەت و سەرکردانەدا، کە بانگەشەی پوچی ڕزگاری و دیموکراتی دەکەن و پێداگری لەسەر لەناوبردنی تەواوەتی بوونی گەلی فەلەستین دەکەن؟ بۆچی ئەمریکا پێداگری لەسەر دابینکردنی ئەو چەک و تەقەمەنیانە دەکات کە ئەم جینۆسایدە دەکاتە مومکین؟ بۆچی ئەورووپا کە ڕۆژگارێک پێیان دەگوتن تاجی شارستانیەت، بەم شێوەیە بەربەریەت بەرەوپێش دەبات؟ ئەوە ناوەڕۆکی پێکهاتەو ناکۆکیەکانی دڕندەیی سەرمایەداری و بازارو بەرژەوەندیەکان و ڕکابەری سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیانە، کە ئێستا لە نیولیبرالیزم فرە جەمسەری و قەیرانەکانیاندا سیستەمەکەی ڕێکەدەخات...، دەبێت جیهان وەرچەرخانێکی گەورە بەخۆیەوە نیشان بدات، ئەم وەرچەرخانەش دەکرێ ئەمرۆ لە ڕیسواکردن و وەستانەوە بەرامبەر شەڕەنگیزی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی سەرهەڵدات، وەستانەوەیەک کە هێزی نارەزایەتی جەماوەری بەهەر جۆرێک ئیمکانی هەیە، ئەم هێرشانەی ئیسرائیل ڕاگرێت و شکست بە نەخشەو سیاسەتەکانیان بهێنێت، بەڕاستی پێویستە بڕیاربدەین ڕووبەڕووی ئاستەنگیە گەورەکانی سەردەمی خۆمان ببینەوە و بەرەیەکی نارەزایەتی جەماوەری جیهانی بەرینەپێشەوە. بەهێزکردنی ئەو بەرەیە دەتوانێت وەلامدەرەوی نەک ئاستەنگەیکانی کارەساتەکانی ئێستای فەلەستین بێت، بەڵکو ئەو ئاستەنگیانەی لە هەر شوێنێکی دنیادا بەرژەوەندیەکانی سەرمایە و ناکۆکیەکانی زیان بە مرۆڤایەتی و خەڵکی نەدارو هەژار دەگەیەنێت وەڵام بداتەوە.

وەستانەوە لەبەرامبەر شەڕی ئێستای ئیسرائیل لە دژی فەلەستینیەکان، نەبێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەریی فەلەستین، ئەوا پێویستە هەمووومان چاوەڕوانی کارەسات و لێکەوتەی خراپتر بین.

★

## ڕێگاچارەی حزبەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەبارەت بە کۆتایی هێنانی هێرشی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی غەزە:

* ڕاگرتنی جەنگ و کۆتایی دەستبەجێی بۆردومانی کەرتی غەززە!

* کۆتاییهێنانی دەستبەجێی گەمارۆی ئابووری لەسەر خەڵکی کەرتی غەززە!

* ناردنی دەستبەجێی هاوکاری دەرمانی و پزیشکی، خۆراک و.. بۆ کەرتی غەززە!

* داماڵینی دەستبەجێی ناوچەکە لەچەک و کشانەوەی کەشتیە جەنگیەکانی ئەمریکا و هێزی سەربازی وڵاتانی ڕۆژاوا لە ناوچەکە!

* کشانەوەی دەستبەجێی ئیسرائیل لە خاکە داگیرکراوەکان و گەڕانەوەی خەڵکی فەلەستین بۆ شوێنی کار و ژیانی خۆیان و وەستانی هەر هەڕەشەیەک لە دژیان!